## خەمێکی تر



# پەیمانشکێنی

جەرجیس ئیبراهیم

بێوەفایی، پەیمانشکاندن، بێ بەڵێنی، بوونەتە خەمی زۆرێك لەتاكو كۆی كۆمەڵی مرۆڤایەتی، کەم نین ئەو خەمانەی کەدەمانگرێنن، زۆرن ئەو خەمانەی ناڵەو نزامان بۆئاسمان بەرز دەکەنەوە، زۆر ئاساییە پێکەوە ئەو سترانە بچڕین (بۆچی دەگری دەناڵێنی بەقەولی پەیمانشکێنی) گەلۆ کێرفی پەیمانشکاندن لە وولاتی مندا لەبەرزبوونەوەدایە، زۆربەمان (مارانگازی دەستی پەیمانشکێنین ) کەچی زۆرجار خۆشمان دەبین بەمارو گاز دەگرینو پەیمان دەشکێنین! .

کەباس هاتەسەر بێ بەڵێنیو بێ پەیمانی یەکسەر ئاماژە بە (ئادەم ) دەکرێ وەك سەرەتایەك بۆ مێژووی بەڵێن نەبردنە سەرو فریو خواردن، یەکەم قوربانی ئەو دیاردەیەشە، راستە مێژووی دوورو درێژی مرۆڤایەتی تەژیە لەپەیمانشکاندن، قوربانیەکانی دەستی پەپمانشکێنی لەژماردن نایەن، رەنگە لەو بوارەشدا کورد بەشی شێری بەرکەوتبێت، هەزاران بەڵێنو ڕێکەوتنی لەگەڵدا کراوە، دواتریش پاشەگەز بوونەوەو فریودان جێگەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکانی گرتۆتەوە. لەئێستەدا چارەنووسی بەشێکی بەرفراوانی کوردستانی باشوور لەژێر هەڕەشەی بێ بەڵێنی دایە، بەندێکی دەستووری بەیەکێکی دیکەوە دەگۆڕدرێ (لە پەنجاوە بۆ سەدو چل)و ماوەیەکی دیار یکراویش بۆ جێبەجێکردنی دادەنرێ، کەچی سستیو کەمتەرخەمیو دەست تێوەردان، پیلان ... خەریکە جێگەی پەیمان بردنەسەر بگرنەوە، خۆشمان تا ئەندازەیەك خەم سارد بەدیاریەوە دانیشتووین، گەلۆ بۆ پەند لەمێژوو وەرنەگرین، هەرلە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەند بەڵێنی درۆ بەو میللەتە دراوە، چەندین ڕێکەوتنو پەیمان بەستن شکێنراون، ئێستا وەختیەتی کورد پلانی نوێ، نەخشەی نوێ ،بۆ ڕووبەڕووبوونەوە گەلاڵە بکاتو خەم بۆ خەمە گەورەکانی وەك کەرکوك بخوات.

ئەوانەش کە بەڕواڵەت خۆیان بەهاو خەمی خەمە نیشتیمانیو نەتەوەیەکانمان دەزانن لە ژێرەوەش دەرفەت دەقۆزنەوەو ئاو لەئاشی دوژمنان دەکەن پێیان بڵێن ( لەناو کوردان نەبوو پەیمان شکاندن .. لەکوێ فێربوون پەیمانشکێنی)

کاتی ئەوەش هاتووە حکومەتەکەی خۆمان، حزبەکانی خۆمان، ڕێکخراوو سەندیکاو کۆمپانیا بەڵێندەرو کاربەدەستو سیاسەتوانو ... چاوێك بەو بەڵێنو پەیمانانەدا بخشێننەوە کە لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنو لەکۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنە فەرمیو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە کۆمەلانی خەڵکیان داوەو تا ئێستا وەك پێویست جێبەجێ نەکراونو چۆتەقاڵبی پەیمانشکێنیو کاریگەری دەروونی بێ متمانەیی لای تاکی کورد دروست کردووەو بۆتە خەمێکی گەورە، خەمی پەیمانشکێنی.

bawkitana@yahoo.com